# رامان لە ئەجێنداكانی  دوو سەرۆكی كورد و ئەركەكانیان  ! .

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com
01-07-2005

نزیكەی سێ هەفتە لەمەوبەر ،پاش مشتومڕێكی زۆر ، یەكێتیی و پارتیی ، گەیشتنە ئەوەی پرۆژەكەی پارتیی بۆ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەكەمێك دەستكارییەوە ئیمزابكەن و بەپارلەمانی كوردستاندا تێپەڕی بكەن . پارلەمانێك كە دكتۆر بەرهەم سالح ، ئومێدی ئەوە بوو كە پارلەمانێكی كارتوونی نەبێت،  مام جەلال و مەسعود بارزانیی بۆ بزەی میدیاكانیش بێت ، خوازیار بوون ئەندامەكانی ئەم پارلەمانە  هەر تەنها ئەهلی چەپڵەو دەست بەرزكردنەوە نەبن. بەڵام ڕاستییەكان شتگەلێلكن و  فابریككردنیش  شتێكی تر.

بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژەی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم و بوونی مەسعود بارزانیی بەسەرۆكی هەرێم ، هەر 111 ئەندامەكەی پارلەمان ئەوەندە زیاد لەپێویست دەستیان هەڵبڕیبوو ، خەریك بوو باڵیان لێ ببێتەوە.  باشە ئەی كارتوونیی چییە، ئەگەر لە 111 نوێنەری خەڵكی كوردستان ، تاكە یەك ئەندامیش نەیوێرا ! ، یان حەزی نەكرد دەستی بەرزنەكاتەوە!. ئایا بەبوونی بارزانیی بەسەرۆكی هەرێم، كوردستان  هەنگوین بە ڕوبارەكانیدا دەڕوات ؟! ، ئایا ئەمە ئۆخژنێكی ئەفسووناوییە!؟ ، یان دیدێكی ڕیالیزمییانەی نوێی ئیلییتی دەسەڵاتدارانە  بۆ پرسە سیاسیی و ستراتیژییەكانی كوردستان!. ئایا ئەم تەقدیسكردنی سەرۆكی حیزب و سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی وڵات و سەرۆكی هەرێم ... بۆخۆی بنیاتنانی وەهمێكی دیكتاتۆرییانە نییە  لەكوردستاندا؟!.

ئەم دەنگدانە ، بەم ڕێژە پەتییە، بەڕێژەی سەد لەسەد ، نەك هەر هیچ سەرەتاییترین پرەنیسیپەكانی دیموكراسیی ولۆژیكێكی سەردەم و ئازادیی تیادا نییە، بەڵكوو ڕێك كۆپییەكی پارلەمانەكانی سەدام حوسێن و حوسنی موبارەك و عەلی عەبدوڵایە،تەنانەت بەتۆزی پارلەمانەكانی ئەمێریكای لاتین و پەرویز موشەڕەفی پاكستانیش ناگات، ئاخۆ ئەم پارلەمانە چۆن دەكرێ، جێی متمانەی خەڵكی كوردستان بێت ، كە جڵەوی گەورەو بچووكی ئەندامەكانی ، بەدەستی حیزبەكانی خۆیانە؟. لە ڕۆژئاوا ، ئەندام پارلەمانێك دەكرێ بەپەندێ زەمانە ئەگەر دڵسۆزیی و گوێ قوڵاغیی بۆ حیزبەكەی زیاتر بێت تا بۆ گەل و وڵاتەكەی، لە پیشە سیاسیی و یاساییەكەیدا.

بۆ ئەوەی خۆمان تووشی سەرگەرمیی و هەڵچوونی سەرپێیی نەكەین ، دەبێت كەمێك ئاوڕ لەڕابردووی چەند مانگ و چەند هەفتەی پێشوو بدەینەوەو هەروەها بەقسەكانی مام جەلال و كاك مەسعود بێت لە دانیشتنی پارلەماندا لەڕۆژی 14-06-2006 دا ، ئەوان بەبێ یەكتر نەیاندەتوانی نەببن بەسەرۆكی عێراق و نە بەسەرۆكی هەرێمی كوردستان ، ئەمە ڕاستییەكە هەمووكەسێكی سادەی

کوردستان و هەموو ئەوانەش کە ئاگاداری ڕەوشی سیاسیی کوردستانن،دەیزانن . ئەم دوو حیزبە هیچیان ناتوانن ئەوی تریان بەیەکجاریی بەرکەناربخات  و هیچیشیان بەبێ ئەویتریان هیچی پێ ناکرێت لە ئاست حکومەتی عێراق و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەو جیهاندا .

سەرۆکی هەرێم ، لەماوەی ڕابردوودا  زوو زوو دەیگوت "من پێشمەرگەی کوردستانم و هەر پۆستێکیش وەربگرم هەر پێشمەرگەرم" ، بەڵام بەداخەوە ، لەکێشەکانی نێوان سەرکردایەتی پارتیی و یەکێتییدا ، نەک هەر ڕۆڵی پێشمەرگەیەکی نەبینی، بەڵکوو وەکو سەرکردەی خێڵ لە پیرمام دانیشتبوو، هەتا سەرۆکی عێراق نەهات بۆلای  نەگەیشتنە ئەنجام، ئاخر بۆ دەبێت ئەگەر کەسێک خۆی بەخزمەتکاری گەلەکەی بزانێت و ئامادەبێت قوربانیی بۆ گەلەکەی بدات، بۆچیی نابێت بچێت بۆلای مام جەلال، دیارە نەک بۆ بەغداد ، بەڵکوو بۆ سلێمانی ، کە بەتەمەن لەئەو گەورەترە ، بەپۆست لەئەو بەرزترە، سەرەڕای ئەوەی لە سیاسەت وکاری دیپلۆماسیدا ، شتێک نییە ناوی ورکگرتن و  خۆبەزلزانیی بێت، لەئاست بەرژەوەندیی باڵاو ستراتیژیی گەلدا. ئەم خووەی بارزانیی کە خوویەکی بنەماڵەیی و پاتریارکیی سەردەمە کۆن و تاریکەکانە و لەڕێی ئەم وەهمی (ناچم بۆ لای کەس ، هەموو کەس دەبێ بۆلام بێت ) نەخزمەت بە گەلی کوردستان دەکات و نە چیتریش حیسابێکی لە هاوکێشە سیاسیی و ناوچەییەکاندا بۆ دەکرێ . هاوکات  وێنای سەرکردەیەکی کۆنسێرڤەتیڤ و ترادسیۆنپارێزی جومگەکانی عەشیرەت و هۆز و خێڵ ، بە خەڵک دەناسێنێت  .

بەڕاستیی ،سەرەڕای کەموکوڕییە سیاسییەکانی سەرۆکی عێراق، ئەوا مام جەلال ئەگەر زۆریشی داشکاندبێ بۆ  کاک مەسعود، چ بەهاتنە زۆرەکانی بۆ پیرمام ، چ بە موبادەرە سیاسییەکانی،بەدڵنیاییەوە مێژوو بە جۆرێک لەئازایەتیی و هەڵوێستی باش  بۆی دەنووسێتەوە، بێ گومانیش خزمەتێکی زۆری کرد بۆ لەیەکترنزیککردنەوەی بیروڕای جیاوازی هەردوولا. بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەدەوروپشتی  مەسعود بارزانییەوە بوون نەک هەرکەمتەرخەمییان کرد بەرامبەر بەسەرۆکی حیزبەکەیان، بەڵکوو کەمتەرخەمیی و تەنانەت گوناهیشیان کرد بەرامبەر گەلی کورد و دۆزی سیاسیی کورد و پرسی چارەنووسسازی کورد ( کەدەڵێم چارەنووسساز ، مەبەستم لە دەستراگەیشتنە بە شەڕی دەستوور و پرسی کەرکوک بەیەک دەنگیی )، زووش یان درەنگ سەرۆکی هەرێم ئەم ڕاستییانە باش تێدەگات، کە دەبووایە ڕۆڵی سەرۆکێکی و لەخۆبووردووی پیشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدایە .

بۆ یەکەمجارە ، پێم وایە هەردوو سەرکردەی ئەم دووحیزبە،کەمێک نزیک لە خواست و ئارەزووەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە قسە بکەن هەر هیچ نەبێ لە هەڵای ئاشتیی و ئاشتەواییدا خۆیان نغرۆ کردبوو . دیارە مام جەلال زیاتر دەیویست کاراکتەری پۆستەکەی خۆی ون نەکات لەناو گەردەلوولی وشەو حەزو ئارەزووە زۆرەکانی بۆ قسەکردن، بە پێچەوانەشەوە مەسعود بارزانیی دەیویست ، هەلی ئەوە بقۆزێتەوە بۆ وردکردنەوەی سەرخەتی بەرنامە سیاسییەکەی لەداهاتوودا باشترین دەستەواژەی سیاسیی کاریگەر بوەشێنێ . بەڵام ئەگەر هەستیارترین و گرنگترین هەڵوێستەی سیاسیی لەسەر پرسە سەرەکییەکانی کوردستان بێت، ئەوا ئەم هەڵوێستە سیاسییە گشتییە خۆی لە گەڕاندنەوەی بەپەلەو بێ ئەملاوئەولای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و یەکدەستی لەسەر

شەڕی دەستووردا دەبینێتەوە ،ئەمەش داخوازییەکی جەماوەریی گەلی کوردە و سەرۆکی هەرێمیش لەمەودوا نابێت کار بۆ ئەجێندای حیزبیی و دەستکەوتی حیزبیی بکات، دەبێت کار بۆ گەڕانەوەی دڵی کوردستان نەکات! ، بەڵکوو کار بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بکات. بەواتایەکی تر کار بۆ جێبەجێکردنی دروشمێکی پارتیی نەکات، کار بۆ جێبەجێکردنی دروشمی زۆرینەی گەلی کورد بکات.

گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆسەر جوگرافیای سیاسیی کوردستان، یان بەواتایەکی سیاسیی ڕەوانتر، درێژکردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان کە کەرکوک و ناوچەداگیرکراوەکانی تر لەخۆ بگرێتەوە ، بەدروشمی ڕەنگاوڕەنگ و کەفوکوڵ و ڕەپکردنی دەماری مل و فوکردن بەمایکرۆفۆندا نابێت، ئەوەندەی پێویستی بەوردەکاریی سیاسیی و هەڵوێستی سیاسیی روون و هەنگاوی سیاسیی ئازایانە و دیپلۆماسیی وردوژیر هەیە، ئەو قسەیەی سەرۆکی هەرێم شتێکی باشە کە گوتی " وەنەبێ مام جەلال لەبەغداد و من لێرە ئاگامان لەیەک نەبێ، بەڵکو شتەکان بەڕاوێژ دەکەین" . لێرەوەیە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی عێراق ، دەبێت ئەوەندەی بۆ ڕازاندنەوەی دەسەڵات و کورسیەکانیان پەرۆشن، چارەگی ئەوەش دڵسۆزیی بنوێنن بۆ کەرکوک و ئاوارەکانی کەرکوک . لەگەڕانەوەی کەرکوکیشدا نابێ ڕۆڵی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسیی بەرکەنار بخرێ ، بەڵکوو دەبێ هەڵوێستی تاکە یەک نەفەریش بەهەند وەربگیردرێ و سەروەرییش بۆ هەموو تاکێکی کوردە، تەنانەت بۆ هەموو ئازادیخوازێکە کە بەشدار دەبێت لەڕاستکردنەوەی ئەو ستەمە گەورە مێژوویی و نەتەوەییەدا. بۆیە نابێ هیچ کەسێ هەڵوێست فرۆشیی بەکەرکوکەوە بکات، ئەوە خەڵکی کەرکوک و کوردستانە بڕیار دەدەن کێ دڵسۆزەو کێ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان بۆ ئایدۆلۆژیای حیزب ، بەقوربانی هەندێ دەسکەوتی تایبەتیی و حیزبیی ناکات .

بارزانیی لە قسەکانیدا، باسی لە بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کرد، ئەم پرۆژانە نەک هەر جێگای ئەوپەڕی ڕێزو پێزانینی خەڵکی کوردستانە، بەڵکوو زۆر زۆر درەنگیشە کە تا ئێستا حکومەتی حیزبەکان ئەوەیان نەکردووە. بەڵام راستییەک هەیە، کە بارزانیی ناتوانێت پشت گوێی بخات ،ئەویش ئەوەیە ، ئێستا ئەو سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانی باشوورە، لەمەودوا زۆر کەس ڕەخنەی لێدەگرن ، کاریکاتێری لەسەردەکەن، دەبێت نەک هەر ئەو عەقڵییەتە حیزبییەی فڕێ بدات و هەموو ڕەخنەکان بە گوێ قوڵاغییەوە وەربگرێ، بەڵکو دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بێت ،ئەگەر نیازی هەیە سەرۆکایەتییەکەی ، سەرۆکی ویست و خواستە سیاسیی و جەماوەرییەکانی گەلی کورد بێت ، دەبێ بچێتە ناو جەماوەرەوەو هەر لەئەو جەماوەرەش هەندێ جار بەر تەماتەو هێلکەشی بدەن ، جا سەنگی مەحەکی پۆستەکەی لێرەدا دەردەکەوێت ، ئایا پاسەوانەکانی بەگوللە وەڵامی خەڵک دەدەنەوە ، یان بەلاساییکردنەوەی پاسەوانەکانی سەرۆکە رۆژئاواییەکان سەرۆکەکەیان دەپارێزن، هاوکات چونکە ئیتر ئەو سەرۆکی هەموو ناوچەکانی کوردستانە، دەبێت نەک هەر بەیەک چاو سەیری گەرمیان و بارزان، شارەزوور و دەشتی ئاکرێ و مزوورایەتیی، قەڵادزێ و زاخۆ ، خانەقین و ئامێدیی بکات،بەڵکوو زۆر بەوردیی و کارامەیی و ویژدانەوە بایەخی زیاتر بدات بەو شوێنانەی زیانیان زیاتر لێکەوتووە.

بایەخەکانی سەرۆکی هەرێم دەبێت لەشوێنە پێویستەکانەوە دەست پێبکات ، دەبێت گەرمیانێک کە هەمیشە پلیشێنراوەتەوە لەلایەن حکومەتە شۆڤینیستە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، گەرمیانێک زۆرترین ڕێژەی کۆستکەوتووانی گەلی کورد لەخۆدەگرێ، دڕندەترین ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی تیاداکراوەو زۆرترین قوربانییانی پاشماوەی ئەنفالی لەخۆگرتووە ، دژوارترین بەرخۆدان و بەگژداچوونەوەی تیاداکراوە، هەژارترین چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانی تیادا مۆڵ بووە . بۆیە دەبێت گەرمیانی گەورە لە دەشتەکانی کەرکوکەوە تا سنوورەکانی خانەقین لەپێش هەموو شوێنێکەوە دابنرێن . لەشارەکانیشدا، دەبێت نازی شاری کەرکوک و خانەقین و شەنگارو شارۆچکە تەعریبکراوەکانی تر ، بخرێنە سەروو شارەکانی تری کوردستانەوە و زۆرترین پرۆژەی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان تێدا بەگەڕبخرێ.

یارمەتیدانی کەسوکاری شەهیدان، مرۆڤانەترین و ڕەواترین کارێکە کە دەبێت سەرۆکی هەرێم و حکومەتی یەکگرتووی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمیی و گونجاو و دادپەروەرانە یارمەتییان بدەن. سەرۆکی هەرێم دەبێ ئیتر وەکو سەرۆکی پارتیی هەڵسوکەوت نەکات و هەرچی کۆنەموستەشار و کۆنە سەرۆک جاشەکانە لەخۆی کۆبکاتەوە وەکو لەمەوپێش کردوویەتی، دەبێت کەسوکارەکەی شەهید ئارام و مامەڕیشە و ئەنوەر حەسەن و سەدانی تر کە شەهیدی یەکێتیین [{دیارە زۆربەیان بەدەستی ئەو جاشانە کوژراون کە زۆربەیان لای پارتیی جەمەیان دێت، (ئەو جاشانەی کوژراویشنەتەوە هەندێکیان بەشەهیدی پارتی دانراون)] ، بەهەمان چاو سەیربکات کە سەیری قوربانیانیی بارزانییەکان دەکات. هەروەها شەهیدانی حیزبی شیوعیی و زەحمەتکێشان و سۆشیالیست وچەپەکان و هەموو ئەوانی تر دەبێت وەکو شەهێدێکی پارتی بخوێنێتەوە. شەهیدو شانازیی کردن بەشەهیدەوە نابێ لەچوارچێوەی عەقڵیی حیزبییدا سوور بخوات و دەستمایەی لێ بچێنرێتەوە ، ناشکرێ کەسانێک لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بە هەڵامەت و دووپشک پێوەدانێکەوە مردبێتن ، بۆ هەڵکشانی ڕێژەی شەهیدی حیزب ، ئێستا بکرێن بە تەوق و لەگەردنی هەموو گەلی کورد بئاڵێنرێن و زۆرترین پارووی چەوریش بەقوڕگی کەسوکارەکانیاندا لەسەر حیسابی سەدان هەزاری کەسی شایستەتر بکرێت.

لەشوێنێکی تردا لەقسەکانیدا باسی لەگەندەڵیی کرد، ئایا بەڕاست ، هەر بۆ دروشمە، یان ئەم پارلەمانە نوێیە توانای ئەوەی هەیە کە لە چەندین بیلیۆن دۆلاری گومرگەکان و سەرچاوە داراییەکانی تر بپێچێتەوە کە چییان لێهات؟ ، ئایا پارلەمان توانای هەیە گەردنی حیزب بشکێنێ بۆ ئەوەی لەو هەموو بەرپرسە حیزبیی وحکومییانەی هەردوولا بکۆڵێتەوە کە لەدەریای گەندەڵییدا غەرق بوونە. ئایا تا ئێستا کەس دەزانێ وەزیرەکان و سەرۆک وەزیران و بەرپرسە حیزبییەکان چەندیان پارە لەخەزێنەی خەڵکی کوردستان بۆ گیرفانی تایبەتی خۆیان بەتاڵان بردووە،ئایا پارلەمان دەتوانێ خۆی پاکبکاتەوە لە فایلڕەشەکانی ناوی ، پێش ئەوەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات ، ئایا کەس زانیویەتی تەنانەت بودجەی ساڵانەی پارتیی و یەکێتیی و حکومەتەکانیان چەندە؟ ئایا پارلەمانی کوردستان توانای هەیە، ملی هەموو حیزب و سەرکردەیەک بگرێ و سامانە تایبەتییەکانیان ئاشکرا بکەن ؟، بە ئاگاداریی میدیا و ڕۆژنامەوانان و لیژنەیەکی دەستووریی و یاسایی ئەوەی کەدزیویشیانە لای کەمیی بۆ خەزێنەی خەڵک و حکومەتی یەکگرتوو بگێڕنەوە! .

ئایا سەرۆکی هەرێم ئامادەیە لە  خودی خۆیەوە دەست پێ بکات ، لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ بکات و سامانە بێ ئەژمارەکانی خۆیان ئاشکرا بکات و بۆ خێریش بێت کەمێک لەو چەندین بیلیۆن دۆلارەی لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان کەڵەکەکراون و  لەهەندەران خراونەتە  کارەوەو هەزاران پشک ( share ) یان لە کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا پێکردراوە  ،بگێڕێتەوە بۆ خەڵکی هەژاری کوردستان و لێقەوماوانی شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان ، یاخوود هەرهیچ نەبێ بەهەوڵی خۆی و بنەماڵەکەی بیخەنەوە گەڕ لەکوردستاندا و ئەو پرۆژانەی لە ئەمێریکا و ئەورووپاو ئاسیا هەیانە بهێننەوە کوردستان و هەزاران گەنجی بێکارو هەزاران خاوەن بڕوانامەی بێکاری  لێ دابمەزرێنن و ژێرخانی ئابووریی کوردستانی کەمێک پێ ببوژێننەوە  .

بەداخەوە زیندانیانی سیاسیی کە قارەمانترین و بەوەفاترین و شۆڕشگێڕترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانن ، باسێکیان لەسەرنەکرا، ئەوان لەهەموو کەس زیاتر مافەکانیان خوراوە ،دەبێ لەهەمووان زیاتر ڕێزو ستایشیان لێ بنرێ و لەڕووی داراییشەوە بەگونجاوترین شێوە کە شایستەی ئەو مرۆڤانە بێت کە بەشێک لەتەمەنیان لە گرتووخانەکانی بەعسدا گوزەراندووە، قەرەبووبکرێنەوە . هاوکات قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندان لە شەڕەکانی ناوخۆدا ، لە شەڕکردن لە گەڵ سوپای بەعسدا هەنگاوێکی پۆزەتیڤە، بەلام نەک قەرەبووی ئەو سەرۆک جاش و ئاغاو دەرەبەگ و کوردفرۆشانە بکرێتەوە کە ئێستا زۆرترینیان لە لای پارتی دیموکرات و کەمێکیشیان لەلای یەکێتیی لانەیان گەرمەو بەتۆن پیرۆزباییان نارد ،هەندێ سەرۆک جاش لەبری ئەوەی لەزینداندا بوونایە ، لەئەورووپاشەوە برووسکەی پیرۆزبابیان بۆ سەرۆک دەنارد  . لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆوە سەدان کەس تا ئێستاش لە گرتووخانە بەدناوەکەی ئاکرێدا دەناڵێنن ، جگەلەوەی سەدانی تریان لێ بێسەروشوێنکراو سەدان خێزانی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر  بەتایبەتی ، تا ئێستاش نازانن مێردەکانیان ، جگەرگۆشەکانیان لە چ ئۆپەراسیۆنێکی دەزگاکانی پاراستندا ونبوون و بۆ کوێ نێردران و چۆن ئەنفالکران ، ئایا دەکرێ کوردستانێک خاوەنی  ریکۆردی گرتووخانەی ئاکرێ بێت ، پێی بگوترێ هەرێمێکە سەرۆکی یاسایی هەیە و مافی مرۆڤ و ئازادیی تێدا پێشێل  ناکرێت!  .

سەبارەت بەوەی کە خەونی دوژمنان نایەتەوە دی جارێکی تر  دووبەرەکیی بکەوێتەوە نێوان پارتیی و یەکێتیی  پەیامێکی جوان و خۆشە!، بەلام گەرەنتیی چییە کە ئەمە ڕوونەداتەوە، هەمووی چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بوو، تەنانەت تەلەفۆنیشتان بەیەکەوە ناکرد، ئیمەیلێکتان بۆیەکتری نانارد، د. مەحمود عوسمانتان کردبووە پۆستەچیی نێوانتان ، تەنانەت پریشکی هەواڵەکان وایاندەگەیاند ، یان بەمەرجەکانم قایل بن ، یان ئەوە عەردو ئەوەش گەز ( دۆڵی زیارەت و کەپکی حەمەد ئاغا و کلاوقاسم سەنگی مەحەک بن ؟! ) .

لە درێژەی وتار خوێندنەوەکانی پارلەماندا ، قسەکانی حاچم ئەلحەسەنیی و د.ئەحمەد چەلەبیی ، کەمێک لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بوو، جێگای پێزانینی خەڵکی کوردستان و پارلەمانە بەدڵنیاییەوە، هەرچەندە سەرۆکی پارلەمانی عێراق موجامەلەی تایبەتیی زۆرکرد لەقسەکانیدا خەریک بوو ببێت بە موتەنەبی و وێنەکەی مەلا موستەفای بارزانییش بکات بە" سەیفی دەولەی

حەمدانیی ". هاوکات هاتنی هەندێ لەشیعەکان و نەهاتنی هەندێکیان ، پەیامێکی شاراوەیان بەخەڵکی کوردستان دا ، عەلاویی دۆستی بەعسییەکان، نەهاتبوو . شێخ یاوەری ئەنتی ماددەی 58یش ، ئەگەر زاوابوونەکەی لێدەربچێت ئەویش نەدەهات، جەعفەریی دەمڕاستیی پانئیسلامیزمیی شیعەو شۆڤینیزمی عەرەبیی نەهاتبوو ، کە ئەگەر پارتیی و یەکێتیی نەبوونایە هەرگیز بەخەونیش پۆستی ( سەرۆک وەزیران ) ی بەخۆیەوە نەدەبینی تا بەوشێوەیە پۆز بەسەر گەلی کورددا لێبدات .

هەر لەپێوەند بە وێنەکەی مەلا موستەفای بارزانەوە، نەک هەر هیچ ئازادییەک و ڕای بەرامبەر لەهەڵواسینی ئەو وێنە قەبارە گەورەیەدا ڕەچاو نەکرابوو، بەڵکوو ڕێکوڕەوان سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتی سەربازیی و سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو لەبەرامبەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە بەیارمەتی سوپاکەی بەعس ئەو باڵانسە سەپێندرا بەسەر گەلی کورددا ، کە تا ئێستاش شانی هەموو گەلی کورد، لەژێریدا کەچە . بەڵێ سەپاندنی کولتووری گەورەکردنەوەی سەرۆک و نەوەکانی سەرۆک بوو ،ئاخر گومانی تێدا نییە،لای کەم پتر لە نیوەی گەلی کورد لە باشووردا پارتیی بەحیزبی خۆی نازانێت و سەرکردایەتییەکەیشی بە سیمبوڵی خۆی نازانێت، هەروەها لەبەر ئەوەی یەکێتیی باری خوارە، (یان وەکو خۆیان دەڵێن لەبەر دڵسۆزیی بۆ گەلی کورد بەهەموو مەرجەکانی پارتیی ڕازیبوون بۆ ئەوەی دەرفەتە مێژووییەکانی بۆ کورد هاتوونەتە پێش، لەدەست دەرنەچن )، پارتیی هەژموونە سەربازیی و دارایی و سیاسییەکەی خۆی بەتۆبزیی سەپاند . بەکورتیی ئەگەر پارلەمان لە سلێمانیی یان کەرکوک ئەو کۆبۆنەوەیەی بکردایە ، ئەوا یەکێتیی ، ئەگەر وێنەکەی بارزانیی هەر پێ لانەبرایە ، ئەوسا وەکو باڵانسیش بووایە وێنەیەکی شێخ مەحمود، یان قازیی ، لەپاڵ بارزانییدا دادەنا.

سەبارەت بەبەشداریی سیاسیی وڵاتان و لایەنەکانی ناو عێراق ،ئاستی نوێنەرایەتی ئەمێریکا و بەریتانیا زۆر لەخوار بوو، هەر شتێک بوو لەکۆڵ خۆیان کردبووەوە، بێگومان لەسیاسەتدا ئاستی نوێنەرایەتیی ، ئاستی خوێندنەوەیە بۆ بەرامبەرەکەت،لەقسەکانی نوێنەری کۆنسڵی ئەمێریکادا ، هیچ گەشبینییەکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا ، ئەو بەشێوەیەکی گشتیی قسەی لەسەر عێراق دەکرد، قسەی لەبنیاتنانەوەی عێراق دەکرد،ئەوەش خوێندنەوەی دیدی وەزارەتی دەرەوەی ئەمێریکییەو دەشکرێ بگوترێت خوێندنەوەی وردودرشتی ئیدارەی بووشیشە. هەر ئێستا بووش و کابینەکەی لەژێر گوشارێکی سیاسیی و دیپلۆماسیی و جەماوەریی زۆردان ، چ لەئاستی نێونەتەوەییدا و چ لە ئاستی ئەمێریکادا بۆ دیاریکردنی ساتەوەختی کشانەوەی هێزەکانی ئەمێریکا، لەبەرامبەریشدا ئەمێریکا بەهەرنرخێک بووە دەیەوێ لەسەر ئێسکوپرووسکی کورد، سوننەکان و بەعسییەکان بهێنێتەوە سەرشانۆ .بۆیە کورد بەگشتی و ئەو پۆستە سیاسییەی سەرۆکی هەرێم دەبێ کار بۆ شەڕکردن لەگەڵ کاتدا بکەن و چیتر کێشەکانی کوردستان ، لەسەرووشیانەوە کەرکوک دوانەخرێت ، کاتی پێوەنەکوژرێ و ڕۆژ بەرێنەکرێت . ئێستا هەموو سیاسییەکانی کوردستان دەڵێن ، دواخستنی کەرکوک ، بەواتای ،دۆڕاندنی کەرکوک دێت،ئەی بۆچیی ڕێگا دەدەن لەوەزیاتر دوابخرێت؟

درەنگ پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک و دانانی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەن و قائیمقائی ناوەندیی بۆ شاری کەرکوک ، نەلەئەستۆی عەرەبەکان بوو، نەخەتای تورکمانەکان و

بەرەی تورکمانی و دەوڵەتی تورکیا بوو، خەتای پارتیی و یەکێتیی بوو، ئاخر لێرەوەیە مرۆڤی کورد ڕەشبینیی زیاتر دایدەگرێت، کاتێک دوو حیزب لەسەر دەسەڵات و پۆستی باڵا لەوشارەدا هەموو شتێک ڕابگرن و شەڕیان لەسەر گەڕاندنەوەی کەرکوک بگوێزنەوە بۆ شەڕ لەگەڵ یەکتردا . بەڵێ ئەرکی سەرۆکی هەرێمە ، دەبێ ئەو واقیعە قبووڵ بکات کە ناکرێت بەعەقڵییەتی کەڵەگایی هەولێر و دهۆکەوە ، کار لەکەرکوکدا بکرێ، پاوانخوازیی بۆ هەر شوێنێکی تری کوردستان بیخوات ، بۆ شاری کەرکوک نایخوات،پارتیی لە دوای هەرەسی حەفتاو پێنجەوە ، جێ پەنجەی سیاسیی و پێشمەرگەیی بە شاری کەرکوکەوە دیار نییە، ئەمە چەند تاڵیش بێت ، پارتیی دەبێ ئەم ڕاستییە هەرس بکات، بۆیە ناکرێ بە عەقڵییەتی بوون بە (حاکمی شار )ەوە ، لەکەرکوکدا هەڵوێست ببەخشێتەوە ، دەبێت پارتیی و یەکێتیی کار بۆ ئاییندەی سیاسیی و جوگرافیی و مێژوویی شاری کەرکوک بکەن، لەزووترین کاتدا دەست بکەن بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی سڕینەوەو پاکتاوی نەژادیی و تەعریب ، چیتر ڕێگا بەهیچ لایەنێک نەدەن کەرکوک و کێشە سیاسییەکەی دوابخرێ . دەبێ سەرکردایەتی کورد لەو هاوکێشە سیاسییە سادەیە باش بگات کە هیچ فاکتەرێک بەئەندازەی فاکتەری ( کات ) گرنگ نییە لە جێگیربوونی کێشمەکێش و دیاریدە سیاسییەکاندا .

ڕامان لە سەرکردایەتی کوردو سەرۆکی پارتی بۆ خۆی بێ چارەیی و نائومێدیی کورد دەگەیەنێت، کە شۆڕشی ئەیلول و تاکڕۆیی مەلا موستەفای بارزان شکستی خوارد و هەرەس بە هەموو ئیرادەی سیاسیی خەڵکی کوردستانیش درا ، بڕیار وابوو کە خێڵ و عەشیرەت و پێوەندییە دواکەوتووەکانی ناو تیرەوهۆز جارێکی تر جڵەوی سیاسیی گەلی کورد نەگرنەوە دەست ، بەلام مەرج نییە هەمیشە کەشتیی بەئارەزووی شەپۆلەکان بجوڵێت. بەداخەوە پارتیی دیموکراتی کوردستان ، لەناو ئەو هەموو خەڵکە زۆرەی کەهەیەتی ، جارێکی تر متمانەی دایەوە بە کوڕی بارزانیی بۆ سەرکردایەتی کردنی پارتیی، ئێستاش لە چەندین کۆنتراکت و پروتۆکۆلی سیاسیی ،لەنێوان سەرکردایەتی سیاسیی پارتیی و یەکێتییدا هەردوو کەسی یەکەمی ئەو حیزبە پۆستەکانیان لەسەخۆیان تاپۆکردەوە، جیا لەوەی لەناو سەرکردایەتی پارتییدا ، زۆرترین کەسانی دەستڕۆیشتوو لەبەرەبابی سەرۆکی هەرێمە . لەپێوەند بە دوو حیزبەکەشەوە ، من بڕوام بەئەوە نییە کە مام جەلال وەکو مەسعود بارزانیی ناکات ، بەپێچەوانەوە ئەگەر مام جەلالیش بۆی بلوایە لەناو یەکێتییدا ئەوا هەموو یەکێتیی و مێژووی یەکێتیی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تاپۆ دەکرد، بەڵام دیارە نە ڕیزەکانی یەکێتیی و نە سەرکردایەتی یەکێتییش ئەوەیان پێ هەرسناکرا، وەکو ئەوەی پارتیی و سەرکردایەتی پارتی لەئاستی یەک نەفەردا ، کەس زمانی لەدەمدا نییە.

لەم پێودانگە سیاسیی و کولتوورییەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە، لەساڵی 2005 دا ، کوردستان سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت و ئەم سەرۆکەش باس لەئازادیی ژنان و سەربەستیی وهاتنەمەیدانی ژنان دەکات، دەبێ چەند دەیەی تری بوێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، نەک ژنەکەی ( یان ژنەکانی ) بهێنێتە یەکێک لە گەورەترین و دیارترین کۆبۆنەوەی سیاسیی دۆزی کوردەوە، بەڵکو تارماییەکیشیان بۆ ڕۆژنامەو میدیاجۆراوجۆرەکان دەربکەوێ . بەڕاستی من خەنییم بەو بیرکردنەوانە دێت ، پێشکەوتوویی کوردستان تەنها لەوەدا دەبیننەوە کە دەڵێن شیعە دواکەوتووەو کورد پێشکەوتووە، ئەمە ڕەنگە لە گشتگیرییدا ڕاست بێت ، بەڵام تاکی کورد دەبێ

شانازیی چی بەخۆیەوە بکات، تەنها ئەوەندە بزانێ ( ئەویش لەم چەند هەفتەیەوە )کە سەرۆکەکەی هەشت منداڵی هەیە، کەس هەیە بزانێ لەو هەشت منداڵە چەندیان کچن، کەس هەیە بزانێ ناوی هاوسەری سەرۆکی هەرێم چییە؟ لەساڵی چەنیشدا؟ ... لەساڵی 2005 ی زایینییدا !. ئایا دەکرێ ، ژنانی کوردستان ئازاد نەبن و داوای ئازادییش بکەین بۆ گەلی کورد ؟!.

سەرۆکی هەرێم ، سەرەڕای هەر ڕابردوویەکی سیاسیی خۆی و حیزبەکەی، ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە،ئەرکێکی مێژوویی گەورە کەوتووەتە سەری ، پێش هەموو شتێک مەسعود بارزانیی نابێ ئازاری هەستی خەڵکی کوردستان بدات کە زۆربەی نزیک بەتەواوی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ جیابوونەوەی کوردستان دا لە ڕێی بزوتنەوەی ڕیفراندۆمەوە، ئەمە هەستێکی شاعیرانەو فانتازییایی نییە وەکو مام جەلال تەفسیری دەکات، ئەمە خولیا نییە ئەوەندەی ئەجێندای سیاسییە، ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، پرۆژەیەکی سیاسییە و موڵکی هەموو گەلی کوردە. سەرۆکی هەرێم بۆ جێگیرکردن و تۆکمەکردنی کورسییەکەی خۆی ،لە چواچێوەی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ، نابێت هیچ ساتوسەودایەک لەسەر چارەنووسیی سیاسیی خەڵکی کوردستان بکات،ئەمە ئەو داوایە ناگەیەنێت کە خوێنگەرمانە جاڕیی سەربەخۆیی بدرێ، سەربەخۆیی کوردستان لەکەرکوکەوە دەست پێ دەکات، هەرکاتێک توانرا شێرپەنجەی سیاسەتی تەعریب لەکەرکوکدا لەڕەگوڕیشەوە هەڵبتەکێنرێ و کەرکوک و شوێنەکانی تر بلکێنرێتەوە بەئەم بەشەی تری کوردستانەوە ، ئەوا بێگومان نیوەی هەنگاوەکانمان بەرەو سەربەخۆیی بڕیووە . من پێم وایە هەنگاونان و ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بەبێ کەرکوک ، خۆکوژییەکی سیاسییە و هیچ ئاکامێکی باشی بەدواوە نابێت.

بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەرۆکی هەرێم ، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەوێتەوە بەر تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر یەکێتیی لەبەر بەرژەوەندییە سیاسیی و ستراتیژییەکانی گەلی کورد هاوکاریی تەواوی سەرۆکی هەرێم نەکات ، نەک هەر کارەکانی سەرۆکی هەرێم ناچێتە پێشەوە ، بەڵکوو دووبارە ڕیسەکەشیان لێ دەبێتەوە بەخوریی . بۆیە کاتێک یەکێتیی نیشتمانیی ئەو ئازاییەتییەی نواند و چەندین بەرژوەندیی سیاسیی حیزبەکەی خستە لاوە لەپێناو هەنگاونان بەرەو یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و جێگیربوونی پۆستی سیاسیی و یاسایی سەرۆکی هەرێم ،لەچوارچێوەی پارلەماندا، کەواتە لەسەر یەکێتیی زۆر پێویستە کە قسەی خۆی بباتە سەر و بەرژەوەندیی حیزبیی بخاتە لاوەو بەرژەوەندیی گەلی کورد بخاتە سەرەوە، ئەمە لەدوورماوەدا بەقازانجیی یەکتێیی دەگەڕێتەوە .

ڕامانیش لەئاست هەڵسوکەوتەکانی مام جەلال هەرکاتێ چاوپێکەوتنێکی ئەو لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا بخوێنێتەوە، مرۆڤ تووشی شۆک دەبێت . لەسەرەتادا سەرکردایەتی سیاسیی یەکێتیی دەبێت ئەو ڕاستییە تاڵە بەیەک بین بخواتەوە، کە مام جەلال لە ئۆخژنی کورسیی سەرۆکایەتی عێراقدا ، زۆر پەلەی کرد ، ڕانەوەستا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دیاریی بکرێت و لیژنەی یاسایی و کەسانی پسپۆر لەبواری یاسادا تاوتوێی بکەن ، بەگۆترەکاریی لەنێوان خۆی و مەسعود بارزانییدا سەرۆکی عێراقی بۆخۆی داناو سەرۆکی هەرێمیش بۆ مەسعود بارزانیی. ئێستاش ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی مەسعود بارزانیی کە مەترسیی زۆری هەیە بۆ سەر مافی مرۆڤ و هەموو جۆرە دەسەڵاتەکان و

پاوانكردنی دەسەڵات و جێگیركردنی هەرچیی زیاتری تاكڕۆیی ، خەتاكەی لە ئەستۆی مام جەلال و سەركردایەتیی یەكێتییە . ئەوە ڕاستە كەم كەس لەناو یەكێتییدا بەزیندووەكان و مردووەكانیشییەوە بەئەندازەی مام جەلال بە دروستكردن و پێگرتنی یەكێتییەوە ماندوو بووبێت، بەڵام هیچ سەركردەیەكیش بەئەندازەی مام جەلال زیانی بە ئابڕووی سیاسیی یەكێتیی نەگەیاندووە ، زۆبەیشی لەئەنجامی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەریی و دواندن بۆ میدیاكانەوە ، كە دواتر ڕێك لەسەری یەكێتییدا شكاوەتەوە.

سەرۆكی عێراق ، بە ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانییەكانی ، مێژووی سیاسیی خۆیشی كاڵدەكاتەوە بەوەی كە ئەو ڕۆژێك لەڕۆژان خەباتی بۆ سەربەخۆیی گەلی كورد و دەوڵەتی سەربەخۆی كوردیی نەكردووە، داخوازییە سیاسییەكانی گەلێكی 50 ملیۆنیی بهێنێتە سەر ژەمی ماسیخواردنێك؟؟!!، ئاخر هەزار قسەی لەئەو شێوەیە بزانیت ، نەكردنیی باشترە لە كردنیی ، حیكمەت لەئەوەدایە چییە، كە سەرۆكی عێراق ، ئەم شەكرانە بۆ حوسنی مەحلیی ،ڕۆژنامەوانێكی ڕۆژنامەی ئاكشامی توركیی دەشكێنێ . مام جەلال بۆ دەبێ ئەوەندە خۆی بچووك بكاتەوە لەبەر ژۆرنالیستەكاندا، هەرچی بەدەمیدا هات لێی ناوەستێەوە و بۆ چەند ڕۆژی دواتریش ، پیاوەكانی مام جەلال لە سەتەلایت و ڕۆژنامەكانەوە قسەكانی بۆ چاك دەكەنەوەو بروبیانووی بۆ دەهێننەوەو دەڵێن مەبەستی ئەوە نەبووە.

ئایا دەروێشەكانی مام جەلال ، كەی دەگەنە ئەو حەقیقەتەی كەمام جەلال ، چ زیانێكی سیاسیی لە یەكێتیی داوە. ئاخر ڕۆژگارێك ، پارتیی باسی لە ئۆتۆنۆمی دەكرد، لەبەرامبەر مافی چارەی خۆنووسیندا، ئاڵای عێراقی لەپارلەمانەكەی 1992 دا بەشانازییەوە دەشەكاندەوە ، ئێستا ئاڵای بەعس لە سەر هەڵەبجە دەشەكێتەوە، پارتی لە نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوودا شەڕی پەكەكەی دەكرد و سوپای توركی دەهێنا تا دۆڵی هیران و نازەنین، ئێستا مام جەلال هەڕەشە لەپەكەكە دەكات و بەناوی سەرۆكی عێراقەوە دژی پەكەكەو بۆ ڕاییكردنی دڵی توركیا هەڵوێست دەنوێنێ و چاو لە گەریلاكانی پەكەكە سوور دەكاتەوە و باوەشێنی دەروونی گڕگرتووی شۆڤینیزمی تورك و كەمالیزم دەكات و ئۆخەیان دەداتێ و لەئەوەش زیاتر دەڕواو دەڵێ ئەگەر سوننە وڵاتانی عەرەبییان هەبێت، شیعە ئێرانی هەبێت ، ئەوا كوردیش توركیای هەیە. ئاخر مام جەلال چۆن دەتوانێت بەناوی گەلی كوردەوە قسە بكات؟، بەكورتییەكەی ئەو تاكڕۆییەی مام جەلال بۆی مەیسەر بووە وایلێكردووە بەئارەزووی خۆی یەكێتیی بدا بەهەموو داروبەردێكدا ، لەبەرامبەریشدا هیچی ئەوتۆ دیارنییە كە بۆ جێگیردنی قورسایی كورد لەعێراقدا كردبێتی . تا دێت باری یەكێتیی قورستر دەكات و هەرچی زیاتریش ،زیان بە داهاتووی یەكێتیی دەگەیەنێت .

بەتایبەتیش لەسەر كەركوك كە چل ساڵە كورد خوێنی لەبەردەڕوات بۆی ، مام جەلال بە دەست هەڵگلۆفینێك دەیكات بە برۆكسلی عێراق ، ، لەڕێی تەلەفزیۆنی سەحەری ئێرانییەوە ، بزوتنەوەی ڕیفراندۆم بە ( استهلاك محلي) دەچووێنێت، بزوتنەوەی ڕیفراندۆمیش نووزەیەكیان لێ بەرز نابێتەوە . یان موغازەلەی شۆڤینیزمی عەرەبیی و ڕەفسەنجانی تێرۆریست دەكات، هەموو ئەمانەش

بەسیاسەت و دیپلۆماسییەت دەداتەوە بەچاوی گەلی کورددا . بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە ، ئایا سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخستنەکانی ، چۆن ڕێگا بەخۆیان دەدەن ، لەئاست ئەو هەموو ڕاگەیاندنە خراپانەی مام جەلالدا بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەو ڕادیۆو سەتەلایتەکان دەیدات ، مات و بێ دەنگن ، ئاخر راگەیاندنەکانی مام جەلال بەشی زۆریان ئەوەندە خراپن، هیچ کاتێ میدیاکانی یەکێتیی هەر باسیشیان ناکات، ئەو میدیا گەورەیەی یەکێتیی هەیەتی ، ئەو هەموو کادیرە باشەی پێداهەڵدان و سەناکردنی سەرۆک ، باسێک ناکەن لەو قسانەی مام جەلال کە لێرەو لەئەوێ دەیانکات،دواترین چاوپێکەوتنی مام جەلال لە رۆژنامەی ئاکشامدا لە 25-06-2005 دا ، وەرگێڕدرا بۆ کوردیی و رۆژی 27-6-2005 دا بەدڵنیاییەوە لەناچاریدا لە کوردستانی نوێدا بلاوکرایەوە. ئەوەش لەدوای ئەوە هات پێشتر سایتی پەیامنێر بۆ مەبەستی حیزبیی خۆی مەسەلەکەی تەقاندەوە. بەڵێ چونکە زۆربەی راگەیاندن و چاوپێکەوتنەکانی خراپن، ڕاگەیاندنەکانی یەکێتییش خۆیان ناکەن بەخاوەنیی. هەر ڕاگەیاندنێکی خراپی مام جەلال ، گورزێکی سیاسیی گەورە لەڕابردووی یەکێتیی دەدات، جگە لەوەی ڕابردووی سیاسیی و پێشمەرگایەتی خۆیشی دەخاتە گومان و مەترسییەوە ، کەچیی ماستاوچییەکانی ناو یەکێتیی هەر خەریکی پینەدۆزیین بۆ ڕاگەیاندنە ترسناکەکانی مام جەلال ،لەکاتێکدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی و ڕێکخستنەکانی و کەسایەتییەکانی ناو یەکێتیی و نزیک لەیەکێتییەو دەبێت یەخەی بگرن و بڵێن جەنابی زۆرگەورە هەڵەیت ، هەڵە... دەبێ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی جورئەت بنوێنێی ، بەئاشکرا رایبگەیەنێت و بڵێت ، ئەو قسانەی مام جەلال رای تایبەتیی خۆیەتی و دەربڕیی بیروبۆچوونی یەکێتیی نییە، تا لەم ڕێگایەوە کاتێ مام جەلال گوێییان لێ ناگرێ ،بەناچاریی بە راگەیاندنەکانی خۆیدا بچێتەوە ،

لێردەدا جێی خۆیەتی بەڕاوێژکارە سەرلەقێنەکانی مام جەلال بگوترێ ، ئێوە کە تواناتان نییە، یەک دەربڕینی سیاسیی بۆ سەرۆکەکەتان راست بکەنەوە، جورئەتی ئەوەتان نەبێ یەک رەخنە لە راگەیاندنەکانی مام جەلال بگرن، ئەی ئیشی ئێوە چییە،ئیشی ئێوە تەقدیس کردنی سەرۆک و حیزب و هەڵەکانی نییە، ئێوە ئیشتان راستکردنەوەی هەڵەکانی سەرۆک و حیزب بوو، بەلام چونکە زۆربەتان خوێندەواری نەخوێندەوارن، زۆربەتان کۆمەڵێ جاهیلی موناسەباتی سیاسیین ، دنیاش ئاخر ببێت دەست لەبەرژەوەندییە ماددیەکانی خۆتان هەڵناگرن،هەر بەبووقی دەمێننەوەو خەریکی تەکریسکردنی گوتارێکی بێ ناوەڕۆکی سیاسیین کەخۆشتان بڕواتان پێی نییە. قەڵەمبەدەستەکانی دەوروپشتی حیزب و سەرۆک دەبێ ئەوە باش بزانن ، ئەوەی 15 بۆ 20 ساڵ لەوەپێش پارتی دەیکرد، ئێستا مام جەلال دەیکات و هەموو ئەم گۆڵمەزو بەدبەختییانەش ناو دەنرێ سیاسەتکردن و دیپلۆماسیی بوونی کورد و بەکالایەکی هەرزان دەفرۆشرێتەوە .

یەکێتیی بەهۆی سیاسەتی تاکرۆیی چەند کەسێکەوە نەک هەر نەیتوانیی ببێت بە ئاڵتەرناتیڤی سیاسیی پارتی ، خەریکە پاش بیست ساڵ ، مێژووی پارتی دووبارە دەکاتەوە، ئەم لەیەکچوون و لاساییکردنەوەیەی گوتاری سیاسیی حیزبەکان و سەرکردەکان ئەوەندەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئارەزووی شکاندنی یەکتریی و چاوشارکێیان هەیە لەگەڵ یەکتریدا،ئەوەندەی خەریکی پاشقولگرتن و سەرکەوتن بەسەر پشتی ئەویتردان، ئەوەندە ئارەزووی یەکهەڵوێستیی و یەک ڤیژنی ( ڕوئیا- vision ) سیاسییان نییە بۆ دیاریدەکانی کۆمەڵی کوردستان و پێشهاتە سیاسییەکان . من ماوەیەکی

زۆرە بڕوام وایە ، گەلی کورد دەبێ باجێکی زۆر بدا تا پارتیی وەکو حیزبێکی عەقلییەت باوکسالاریی ، کولتوور دەرەبەگایەتیی بگۆڕێ بۆ حیزبێک وەکو یەکێتیی، بەڵام ئایا ئەو پەیام و گوتارە سیاسییەی یەکێتیی هەیبوو، بە میزاجی هەندێ سیاسیی سکراب و بێتاقەت و ناشایستە بە شوێنەکانیان ، خەریک نییە بەرەو پووکانەوە بچێت !.

سەرۆکی عێراق ، ئێستاش پێی وایە ، بەو جۆرە ڕاگەیاندنانە ، وەکو سەردەمی شەڕی سارد ، دەکرێ ڕەوتی داوا سیاسییەکانی گەلی کورد لە ساتمەکردن بپارێزرێت و دوژمنیش نەوروژێنیت و دۆستیش زویر نەبێت، یەکێ لە سیفاتە خراپەکانی مام جەلال ئەوەیە، خودی خۆی لەهەموو گەلی کورد پێ زاناتر و داناترو سیاسیترە ، کەچیی لەبەرامبەر یەک ڕۆژنامەوانی بیانیی هەرزەکاردا، هەڵەی وا دەکات کە هیچ سەرۆک عەشیرەتێک نایکات . مام جەلال و پیاوەکانی مام جەلال لەناو سەرکردایەتی یەکێتییدا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن ، داتاکانی سەردەمی شەڕی سارد بۆ جێگیرکردنی هاوکێشەی سیاسیی نەک لە جیهانی وڵاتانی سێدا چیتر نایخوات، بەڵکوو لە هیچ کێشمەکێشێکی تری ئەم دنیایەدا بڕشتیان نەماوە. سیاسەتی نوێ ، شەفافییەت بوونە ، ناکرێ لەسلێمانی شتێک بڵێی و لە بەغداد شتێکی تر و لە سەر مێزێکی ماسی خواردنی ئیستەنبووڵیش شتێکی جوداتر .

لە 29-06-2005 دا بۆ چەندەمین جار ،کۆشکی سپیی ئەمێریکا لەترسی فڕۆکەیەک لەئاسمانی واشینگتۆندا، بەبەرچاوی هەموو کامێراکانەوە کۆشکەکەیان چۆڵکردو و بووشیان شاردەوە، خۆ دەیانتوانی باسیشی نەکەن ، بەڵام شەفافیەت ڕێگا نادات چیتر پێچ وپەناکان دیزەبەدەرخۆنە بکرێن ، مام جەلالیش دەبێ لەسیاسەتدا فێری شەفافییەت ببێت ، ئەو پۆستەی مام جەلال بەدەستی هێناوە لەڕاستیدا ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسیی ناو پێکهاتەو ئیتنیکە جیاوازەکانی عێراق، ڕەخساندی ، بەڵام گەلی کورد بەو شێوەیە سەیری دەکات کە بەرهەمی قوربانییەکانییەتیی لەهەمبەر شۆڤینیزمیی عەرەبییدا ، ئیتر ئەو هەموو لاواندنەوەیەی شیعەو سوننەکانی عێراق کەدیارە هیچی لێ سەوز نابێت لەپای چیی !لاواندنەوەی شۆڤینیزمی تورک و پانئێرانیی و بەعسیزمی سووریا بۆچیی! ، مەخابن هەموو گەلی کوردیش لەخۆی پڕدەکات . مام جەلال بۆ ئەوە سەرۆکی عێراقە کە بەقەولی خۆی " دەستکەوتەکان " ی لێوە بەدەست بهێنێت ، سبەی ڕۆژیش کەسەرۆکایەتییەکەی تەواو بوو ،یەک عەرەبی عێراقیی و وڵاتانی عەرەبنشینی تریش دەست خۆشیی لە مام جەلال ناکەن و بە خۆفرۆش و بەکرێگیراوی ڕۆژئاوای دەخوێننەوە ، لەملاشەوە زۆربەی گەلی کوردیش لەخۆی بێزراو دەکات. جا ئەگەر مام جەلال و ماستاوچییەکانی دەوروبەری ئەمە بەسیاسەت لەقەڵەم دەدەن، ئەوا گەلی کورد هەر دەبێ باجی هەڵەی سیاسیی سەرکردەکانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر بداتەوە و، دەستکەوتەکانیش بە دواڕۆژی نادیار بسپێردرێن .

سەرئەنجام گەلی کورد دوو سەرۆکی هەیە، دوو پۆستی زۆر گەورە لەناودا ، لەناوەڕۆکیشیدا شتێکی ئەوتۆ دیارنییە، کەرکوک لەجێی خۆی شناو دەکات ، تەعریب تا دێت زیاتر دەڵەمە دەبێت ، تێرۆری ئیسلامیی و شۆڤینیزمی عەرەب هەڵدەکشێ بەرەو کوردستان، جگە لەسەرۆکی عێراق، 77 دەستە پیاو و ژنی سیاسیی کورد! لەبەغدان، دەمیان داپچڕیوەو شەکراوی حەسەن و حوسین دەخۆنەوە . نەیانتوانیوە خاڵێک بخەنە سەر ماددەی 58ی یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق . ئێستا پارێزگاری

کەرکوک و سەرۆکی ئەنجوومەنی کەرکوک و قائیمقامی ناوەندی کەرکوک هەمووی کوردە، بۆچیی ئەم دوو سەرۆکەو ئەم دوو حیزبە هورووژمی سیاسیی و ئیداریی و دارایی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 58 ناخەنە گەڕ ، بۆچیی ناچنە پشت پێشنیازەکەی ڕزگار عەلییەوە کە کورد خۆی هەڵبستێ بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، کێ دەستیان دەگرێ ، تاکەی کورد دەبێ هەر شتی بەسەردا بسەپێنرێ . کوا گوشاری ئێوە بۆ سەر جەعفەریی و ئەمێریکاو بەریتانیا؟، بۆچیی عەرەبە سوننەکان بە عەنتەریی داواکانی خۆیان دەسەپێنن؟ ، ئێوەی سەرۆک بەو هەموو خۆلەبن هەنگڵنانەی ئەمێریکاش هیچتان دیار نییە، ئێوە تاکەی خەمی کورسییەکانتان دەبێت ، تاکەی چێژی دەسەڵات لەزارتاندا وەکو کانیاوی بەهار هەر دەتەقێتەوە، تاکەی خەریکی فەخفەخەو شەقشەقەی ژووری دانیشتنەکانتان دەبن،سەرۆک زێڕەکەی سەدام بەهەزاران شێوازی ترەوە پەیڕەو دەکەن و هەموو توانای حکومەتەکانتان و حیزبەکانیشتان خستووەتە خزمەتی پیاهەڵدان بەکورسییەکانتاندا.

ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا و کەرکوکتان بۆ گرنگە ، ئەوا جێبەجێکردنی ماددەی 58 بە پلەی یەکەم پێویستی بەپارەیە، پێویستی بەبوودجەیە، ئەی یەکێتیی و پارتیی ئەو هەموو بیلیۆن دۆلارەتان بۆ کەرکوک نەبێت بۆچییتانە، بەبیانووی ئەوەی حکومەتی عێراق بوودجەی بۆ دابین بکات، ئەوانەی خۆتان زیاتر قایم دەکەن ، قازانجیی زیاتر کەڵەکە دەکەنە سەریی و باکیشتان نییە گەلی کورد کەرکوکیش بدۆڕێنێ ، تەنها ئێوە خۆش بن و ژمارەی سەدان میلیۆن و بلیۆنەکانتان زیاترو زیاتر بێت، باکیی چیتان بە مێژووی پڕ لەخوێنی گەلی کوردەوە هەیە؟، باکیی چیتان بەنەوەکانی داهاتووەوە هەیە ؟. ئەم دوو حیزبە بە چواردە ساڵ لە قۆناغی پاتەی لاستێک لەپێکردنەوە بوون بەخاوەنی چەندین بیلیۆن دۆلار، لەسەر حیسابی ڕاستەوخۆی دەرامەتی خەڵکی کوردستان، کەی تێر دەخۆن؟، خۆ ناتانەوێ ببن بە بێڵ گەیت !، زۆربەی تەعریبەکانی کەرکوک ، چاویان لەوەیە پارەیان بدرێتێ و بڕۆنەوە، بۆچیی پارەکانتان بۆ گەڕانەوەی کەرکوکی دڵ و قودسی !! کوردستان بەکارناهێنن . ئێوە بەحوکمی پۆستەکانتان گەورەترین ئەرکی مێژوویی و سیاسییتان لە ئەستۆدایە، بەدڵنیاییەوە ، گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتیی ، لەهیچ شتێکدا لەگەڵتاندا نەبێ ، لە گوشار هێنان بۆسەر ئەمێریکاو جەعفەریی و لایەنە پێوەندیدارەکانی تر بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 58 ، بەزۆربەی پەتیی لەگەڵتاندایە، بۆیە لەسەرتان پێویستە گوشاریی جەماوەریی گەلی کوردستان و سامانە زۆرەکانی هەتانە ، یەکدەست و یەکهەڵوێست بکەن و کەرکوک لەدۆڕاندن، ڕزگار بکەن و بۆسەر هەرێمی کوردستان بیگێڕنەوە .